## بنەمای ئابووری سەربەخۆیی کوردستانی رۆژهەڵات

ئەگەر ئەو راستییە لەبەرچاو بگرین کە هەر حوکومەتێک، بە تایبەت حوکومەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەسەر سێ کۆڵەکە راوەستاون، ئابووری، سوپا و پەیوەندییەکانی دەرەوە، تێدەگەین کە دروشمی سەربەخۆیی دەبێ وەڵامی ئەم سێ پرسیارە بداتەوە. ئەمە ئەو سێ دەسەڵاتەیە کە لە گەلاڵەی خودموختاری و فێدراڵیدا دراوە بە دەوڵەتی ناوەندی.

ئەم نووسراوە هەوڵ دەدا وەڵامی پرسیاری یەکەم، ئابووری، بداتەوە.

کاتێک باس لە سەربەخۆیی کوردستانی رۆژهەڵات دەکرێ، دەستبەجێ دەپرسرێ "لە باری ئابوورییەوە چۆن خۆتان بەخێو دەکەن؟".

ئەم پرسیارە کە ئایدۆلۆژیای پاوانخوازی ئێرانی لە پشتە، ئەو مەبەستە دەگرێتەوە کە گوایە کوردستان ناچەوسێتەوە و بە داهاتی شوێنەکانی دیکە دەژی. جێ پرسیار نییە کە کوردستانیش وەکوو هەموو شوێنەکانی دیکە دەچەوسێتەوە و بەرهەمی کار و تێکۆشان و سەرچاوە سروشتییەکانی دەچێتە گیرفانی ئاغا و ئاغا زادە و ملیاردێرەکانی سەر بە دەسەڵات. لە راستیدا خۆ گرژکردنی پاوانخوازەکان لە بەرانبەر مافی چارەنووسی گەلاندا لەبەر ئەوەیە کە قازانجی نابەجێ ئەوان دەکەوێتە مەترسییەوە و ئیتر ناتوانن چەپاوی ئەم شوێنانە بکەن. راست هەر ئەو شێوەیە کە کۆلۆنیالیستە ئۆروپاییەکان هەتا کۆتایی سەدەی بیستەم لە ئەفریقا و ئاسیادا بەڕێوەیان دەبرد.

بۆ سەلماندنی چەوسانەوەی کوردستان و نیشاندانی بنەمای ئابووری کوردستان سەرچاوەی بێلایەن بەدەستەوە نییە، بەڵام تەنانەت بە پێ ئاماری کۆماری ئیسلامیش هەر دەکرێ بەرجەوەندیەک بدۆزینەوە. کوردی بندەستی ئێران بە گشتی بەسەر پێنج پارێزگادا دابەش کراوە. پارێزگای ئیلام، کرماشان، کوردستان، هەمەدان و ئازەربایجانی رۆژئاوا. کە خاکیان پێکەوە گرێدراوە و سیاسەتی جیاکەرەوە، دابەشی کردوون. (کورد لە ناوچەکانی دیکەی ئێرانیشدا دەژین وەکوو خوراسان کە ١،٥ ملیۆن کوردی تێیدایە، بەڵام چوونکە هاوسنوور لەگەڵ خاکی کوردستاندا نین لێرە باس ناکرێن.)

"بە پێ توێژینەوەیەک کە لێکۆڵەرەوانی کارناسی پارس بە سفارشی شەورای گشتی فەرهەنگ لە ساڵی ١٣٨٩ دا... لە نێوان ٢٨٨ شار و نزیک بە ١٤٠٠ گوندی سەرانسەر وڵاتدا، کردوویانە. لە پارێزگای ئیلام ٨٦% کورد و ١٤% باقی ئێتنیکەکانی لۆر، لەک و عەرب بووە. (لەک بۆ لە کورد جیاکراوەتەوە؟)

بە پێ هەر ئەم توێژینەوە، پارێزگای کرماشان بەم شێوەیە: ٩٢/٥% کورد، ٤/٢% فارس، ٠/٢ عەرەب، ٠/٧% لۆڕ و ١/٩% باقی ئێنیکەکان.

بە پێ سەرژمێری ساڵی ١٣٩٠ دانیشتوانی پارێزگای کوردستان١,٤٩٣,٦٤٥ کەس بوون کە ٦٦ لە

سەدیان لە شارەکاندا دەژین و ٣٤ لە سەد لە گوندەکاندا. بە پێ ئەم سەرژمێرییە ٨٤ لە سەدی دانیشتوان کوردن.

لە پارێزگای ئازەربایجانی رۆژئاوادا ٢١/٧% کورد،(ئەمەیان زۆر جێگای باوەڕ نییە) ٧٦/٢% تورک ٠/٨% فارس و ١/١% باقی ئێتنیکەکان.

سەرچاوەی ئاماری ئێتنیکی بۆ پارێزگای هەمەدان نەدیتراوە، بەڵام بە پێ ژماردن لە رێگای دانیشتوانی شارستان و گوندەکانەوە ئەم ئاکامە بەدەست دێ. کۆی دانیشتوانی پارێزگا ١٧٥٠،٠٠٠کەسە. کوردەکان لە چوار شار و ١٥٩ گوند دا دەژین و بە پێ نێوەنجی دانیشتوانی ئەم شار و گوندانە ٢٥ تا ٣٠%ی پارێزگا کوردن کە لەو ناوچانە دەژین کە هاوسنوورە لەگەڵ پارێزگا کوردنشینەکانی کرماشان و کوردستان و ئیلامدا (١)

جگە لە پارێزگای کوردستان، باقی پارێزگاکان ئامارێکی تەواویان بۆ بنەما ئابوورییەکان بەدەستەوە نەداوە، بۆیە لەم نووسراوەدا پارێزگای کوردستان وەکوو نموونە دەگرین، کە رەنگە پارێزگاکانی دیکە ئەگەر لە پارێزگای کوردستان زیاتر نەبن، کەمتر نین.

بە گشتی سەرچاوە ئابوورییەکان بەم شێوەیە:

کانزا

بەرهەمی کانزای کوردستان جگە لە زێڕ لە ساڵی ١٣٨٩دا ٥٣٠٩٣٩١ تۆن بووە کە بایی ٣٣٥ ملیارد تمەن بووە.

ساڵەهای ساڵە بەرهەمی سەرچاوە سروشتییەکان هەر لە نەوت و گازەوە هەتا زێڕ و بەرد دەچێتە دەرەوەی کوردستان. (٢)

بە پێ دۆزینەوەی ناوچەیی لە "شیت"ی سەقز لە ساڵی ١٩٩٦دا لە ٢٠٠ کیلومەتری چوارگۆشەدا زێڕ بە عەیاری ٢/٥ دۆزراوەتەوە. هەروەها لە باشوری رۆژهەڵاتی پشتوێنی زێڕی تیکاب (باشوری رۆژهەڵاتی بیجار- قروە)دا لە ٢٠٠ کیلومەتری چوارگۆشەدا زێڕی تێکەڵ بە سولفور بە عەیاری ٨٤% دەرهێنراوە.

کشتوکاڵ

گەرچی ٦٤% خەڵک لە شارەکاندا دەژی، هێشتاش بەرهەمی کشتوکاڵ گرنگترین سەرچاوەی دارایی کوردستانە. هۆی ئەمەش لە لایەکەوە دەوڵەمەند بوونی سروشتی کوردستانە و لە لایەکی دیکەوە گرنگی نەدانی دەسەڵات بە پیشەیی کردنی ئەم ناوچەیە.

کشتوکاڵ و باخەوانی

پانتایی زەوی کشتوکاڵی کوردستان نزیک بە ١١٠٠،٠٠٠ هێکتارە کە ٧٠٠،٠٠٠ی دەکێڵدرێ. ١٥لە سەدی کێڵگەکان بەرئاون و باقی دەیمە.

بەرهەمی ساڵانە: زیاتر لە ٤٨٠،٠٠٠ تۆن گەنم، ٤٢،٠٠٠ تۆن جۆ، ٢٥،٠٠٠ تۆن پەتاتە، چەوەندەر و تەڕەکاڵێ و دانەوێڵە کە چۆنیەتییەکی زۆر باشیان هەیە.
هەر بە پێ سەرچاوەی پارێزگای کوردستان ئەگەر ئیمکانات زیاتر و ئاو دەستەبەر بکرێ و زەویە بایەرەکان ئاوەدان بکرێتەوە و زەوییە دەیمەکان بخرێتە بەر ئاو و لە کەرەسەی پیشەیی کەڵک وەرگیرێ. رادەی ئەم بەرهەمانە هەتا چەند بەرانبەر زیاد دەبێ.
بۆ نموونە پێش سی وپێنج ساڵ، توە فەرەنگی هاتە کوێستانەکانی ژاوەرۆ، بەرە بەرە - بە بێ یارمەتی رێکخراوە دەوڵەتییەکان- پەرەی ئەستاند. ئێستا بووەتە یەکەم لە نێو هەموو پارێزگاکانی ئێراندا. بەڵام ساڵێک ٢٥،٠٠٠ تون زیادی دەمێنێتەوە کە لە کیس دەچێ. ئەگەر ئیمکاناتی کۆنسێرو کردن و بە مورەبا و شەربەت کردن دانرێ، داهاتی ئەو بەرهەمە دەبێتە چەند قات. ئەم دۆخە سەبارەت بە باخە رەز و گوێز و بادام و کۆخ و...یش هەر وایە. ساڵانە ٦٠ هەزار تۆن ترێ دێتە بازاڕەوە، ئەگەر کارخانە هەبێ و ئاوی ترێ و دۆشاو و شتی وا چی بکرێ، داهاتەکەی زۆر زیاد دەکا.
بە پێ بەراوردی پارێزگا زەوینەکانی تەنیشت رووبارەکان بۆ تەڕەکاڵی زۆر باشە و جێگای هەیە ١٠،٠٠٠ هێکتار بۆ کێڵانی تەماتە و خەیار و شوتی و پیاز و هەموو جۆرە سەوزەیەک زیاد بکرێ و ئەگەر لە هەر هێکتارێکدا سێ کەس کار بکا سی هەزار کەس کار پەیدا دەکا و ١٥٠ هەزار تۆن بەرهەم زیاد دەبێ. (٣)
کوردستان یەکێک لە ناوچە پڕ ئاو و بارانەکانە کە ئەگەر بە شێوەی زانستی کەڵکی لێی وەرگیرێ داهات و کار و ئاوەدانی بۆ خەڵکەکە بەرهەم دێنێ.
رادەی بارینی باران ١٤،٢ ملیار مێتری سێجایە. ئاوی ژێرزەوی ٧١٥ ملیار مێتری سێجا، چۆم و رووبار ٧،٨ ملیار و.. بەڵام لە بەشی کشتوکاڵدا تەنیا ١،٨٨٤ ملیار مێتری سێجا بەکار دەهێنرێ و باقییەکەی لەبەر نەبوونی سیستەمی ئاودێری لەناو دەچێ. (٤)
لەم ساڵانەی دواییدا بۆ بەرهەم هێنانی کارەبا و دابین کردنی ئاو بۆ شارەکان چەندین بەندئاو لێدراوە و چەند بەنداویش هێشتا کاری لەسەر دەکرێ کە بڕێک یارمەتی کشتوکاڵیش دەدا.
نێو و شوێنی بەنداوەکان:
سەقز (٤٠ کیلومەتری سەقز)، قشلاخی سنە (١٥ ک. سنە)، گاوەشان (٤٥ ک. سنە)، سیازاخ (٧ ک. دیواندەرە)، گوڵباخ (١٥ ک. باشووری بیجار)، بانە (٥ ک. بانە)، گاران (٥ ک. مەریوان) چرا وەیس (سەقز)، بەردەرەش (٣٠ ک. قروە) سونەتە (شارستانی سەقز) ساراڵ (شارستانی قروە)، ئەمیرئاوا (کامیاران) مەرخز (سەقز)، ئاڵە دۆڵ (دیواندەرە)، زێویە (کامیاران). (٥)
ئاژەڵداری
کوردستان بە هۆی لەوەڕگە و هەوای لەبار هەموو کاتێک شوێنی ئاژەڵداری بووە. بەرهەمی گۆشت،

شیر، پەنیر، چەرم و پێست و خوری لە هەناردەکانی کوردستان بووە. بزنە مەرەز تەنیا لە کوردستان هەیە و ناوبانگی نێونەتەوەیی هەیە. لە تەنیشت ئەمانەدا داشتی هەنگ و بەرهەمی هەنگوین و داشتی مریشک و پەلەوەی دیکەش یارمەتیدەری داهاتی دانیشتوانی کوردستانە.
کوردستان نزیک بە ٣% گوشتی ئێران دابین دەکا، هەر بەو رادەیە شیر و ٢% گۆشتی مریشک.
بەرهەمی ساڵانەی پارێزگای کوردستان: شیر ١٥٠،٠٠٠ تۆن، گۆشتی سوور ١٨٩٠٠ تۆن مریشک ١٥٥٠٠ تۆن، هێلکە ٥٧٠٠ تۆن، هەنگوین ٤٠٠ تۆن، مەرەز ١٩ تۆن، خوری ١٣٠٠ تۆن، مو ٢٥٠ تۆن.
هەموو ئەمانە لە کاتێکدایە کە هێشتا ئاژەڵداری زۆر کەم بە شێوەی پیشەسازی کەڵکی لێی وەردەگیرێ.(٦)
کێو و لێڕەوارەکان پڕە لە گیای دەرمانی و بەرهەمی جۆربەجۆی وەکوو کەتیرە و بنێشت و گەزۆ و...
بۆ نموونە بە پێ ئاماری ئیدارەی سەرچاوە سروشتییەکان پارێزگای کوردستان لە ساڵدا ٢٣ هەتا ٣٠ تۆن کەتیرە و ٥٠ تا ٧٠ تون بنێشت و ١٠٠ تۆن گاڵ بەرهەم دێنێ.
ئەم پارێزگا یەکێک لە دەوڵەمەندترین پارێزگاکانە لە باری جۆربەجۆری روەکەوە. ٣٤٠ جۆر جەنگەڵی و ١٠٩٤ جۆر گیا. روەکی دەرمانی ١٦٩ جۆر لە ٥٤ تیرە. گرنگترینیان مازگ، شیرین بەیان و موسیرە.
شیلات
بوونی ٢٨ رووبار و ٣٢٠٠٠ چاوگە لە پارێزگای کوردستاندا سەرچاوەیەکی باشە بۆ بەخێوکردنی ماسی. ساڵێک ١٩٢٧ تۆن ماسی و مەیگو لە ئەستێرەکانی بەخێوکردندا بەرهەم دێ کە لە سنە و سەقز و مەریواندا ساز کراون. (٧)
دیارە قازانجی بەرهەمی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری ناگەڕێتەوە گیرفانی خەڵک. لە کۆندا دەگوترا چەرچی دەرزیلە و مت و مورگی بێ بایەخ دەگۆڕێتەوە بە پێست و رۆنی کەرە و... بەم شێوە خەڵکی گوندی دەڕووتێنێتەوە. یان چێوداری کورد کڵاو لەسەر ئاژەڵداری گوندی دەنێ و ئاژەڵەکەی بە هەرزان لەدەست دەردێنی، کە بردیە بازاڕی ئاژەڵفرۆشان نوێنەری قەسابەکانی تاران دێن بە هەرزان لەدەستی ئەو دەردێنن. ئێستا هەر ئەو کارە بە شێوەی "مۆدێرن" لە لایەن شەریکە ئەهلی و دەوڵەتییەکانەوە دەکرێ. بە گشتی چەوسێنەری خەڵکی کورد لە خودی کوردستاندا ناژی.
پیشەسازی
ئەم بەشە بە بەراورد لەگەڵ زۆربەی پارێزگاکانی دیکەی ئێراندا زۆر لاوازە و زۆربەی کارگەکان پەیوەندییان لەگەڵ سەرچاوە سروشتییەکاندا هەیە. وەکوو کارگەی رستن و پارچە و شیر و سمنت و...
کۆی کارگەکانی پارێزگا ٣٠ کارگەیە کە ٢٦٣٨ کاریگەر و کارمەندیان هەیە. ئەمە نیشان دەدا کە

سەرمایەدانان لەم بەشەدا زۆر لاوازە و هیچ بایەخی پێنەدراوە. (٨)

تیجارەت و بازاڕ

دیوێکی دیکەی پرسیارەکەی سەرەوە ئەوەیە کە "ئێمە گەمارۆی ئابووریتان دەدەین و نە شت و مەکتان لێ دەکڕین و نە پێتان دەفرۆشین". ئەمەش هەڕەشەیەکی بێ مانایە. یەکەم دنیای ئەوڕۆ بە شێوەیەک پێکەوە گرێدراوە کە هەموو بەرهەمێک بۆ هەموو بازاڕێکی دنیا دەڕوا. دووهەم کوردستانی ڕۆژهەڵات لەسەر سنووری سێ وڵاتە و هەر ئێستاش بازرگانی لەگەڵ دوو وڵاتی کوردستانی باشور و تورکیە زۆر زیاترە لە دراوسێیەکانی ئێرانی. بۆ نموونە لە بازارە سەر سنوورییەکان ١٢٠،٠٠٠ بازرگان دانیشتوون، و نرخی تیجارەتی ساڵانە لەم بازاڕانەدا نزیک بە سەد ملیۆن دۆلارە. جگە لەوەش کورد هەتا هەبووە بەشێک لە ژیانی ئابووری هاوردە و بردەی ئەم دیو ئەو دیوی سنوور بووە بە بێ ئەوە لە بازگەی گومرۆکەوە تێپەڕێ.

لە یەک کەلامدا ئەگەر چەوسانەوەی دەرەکی لەسەر کوردستان نەمێنێ زۆر باشتر لە ئێستا دەژی.

کاتێک زۆردار لەسەر خەڵک نەما و خەڵک هەستی کرد بەرهەمی ڕەنجی خۆی بۆ خۆی دەگەڕێتەوە بە گیانێکی دیکەوە هەوڵ دەدا کە سامانەکەی زیاتر بکا. زۆر وڵات لە دنیای ئەوڕۆدا هەیە کە زۆر هەژارن بەڵام لە خەبات بۆ سەربەخۆیی نەپرنگاونەتەوە و دوایەش ژیانی سەربەخۆ با کەم و کوڕیشی هەبێ، سەربەرزییەکەی قەرەبووی کەم و کوڕییەکەی دەکاتەوە.

تەیفور